ئەم شیعره بو چلەی شاعیر (صلاح محمد) ی برا و هاوڕێ نوسراوه و هیمایەکە  بۆ مەرگی ناکامی هاوڕێیانم (عوسمان شەیدا، ئومید ئاشنا و هیدایەت حەیران).

# کۆچی ناوادەی باڵندەکان



عومەر عەبدولکەریم

سەفەر مەکە
جارێکیتر بە ڕووخسارت
ناتبینمەوە
دڵنیابە لە ژینمدا
بۆ ساتێکیش وێنەی جوانت
لە دڵمدا ناسڕمەوە

***

ئەم ئێوارەیە زۆر ساردە
شار بۆنی غەمی گرتووە
ڕیشۆڵەکان کز و ماتن
کاکی شاعیریان ونبووە

***

سەفەر مەکە
دەرگا نی یە نەکرێتەوە
چی لە مەرگ کەم
قوفڵ بووەو ئەمجارەیان
بە ڕووی تۆدا ناکرێتەوە
***

**سەفەرت کرد**
**یادت بەخێر ، چ زوو ڕۆشتی**
**لە دڵمدا شیعرەکانت سەوز بووە و**
**هەر نەڕۆشتووی**

***

**(شەیدا) دڵی شەختە کردم**
**مەستانە گریام**
**بۆ (ئاشنا)**
**بۆ خەمەکانی (هیدایەت)**
**بوومەتە سێبەری باڵا**
**بەڵام  بۆ تۆ هێشتا هێشتا**
**نەگریاووم**
**چونکە هەر ماوی لە چاوما.**